# دەست پێکردنی موسافیر بە کورتکردنەوەی نوێژەکانی

< كوردي >

دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# شروع المسافر في قصر صلواته

< كردي >

فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# دەست پێکردنی موسافیر بە کورتکردنەوەی نوێژەکانی

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار** : ئایا موسافیر لە چی کاتێکەوە دەست دەکات بە کورتکردنەوەی نوێژەکانی ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

جمهوری زانایان لەسەر ئەو ڕایەن کە کەسی موسافیر نابێت دەست بکات بە کورتکردنەوەی نوێژەکانی تا ئەو کاتەی ئاوەدانی وسنوری خانوو وگەڕەکەکانی شارەکەی یان گوندەکەی بەجێ دەهێڵێت، ئەمەش ڕای هەر چوار مەزهەبەکەی ئەهلی سوننەت و جەماعەتە لە مەزهەبی مالیك و ئەبو حەنیفە و شافعی و ئەحمەد، بۆیە ئەمان لەسەر ئەو ڕایەن ئەگەر موسافیر هاتوو لە ماڵی خۆی تێپەڕی و نیاز و مەبەستی سەفەر کردنی هەبوو ناتوانێت نوێژەکانی کورت بکاتەوە تا ئەو کاتەی سنووری خانووە کراوەکانی شار و گوندەکەی تێدەپەڕێنێت .

بەڵام هەندێکی تر لە زانایان پێیان وایە موسافیر دروستە نوێژەکانی کورت بکاتەوە لەو کاتەی کە نیەتی سەفەر دەهێنێت، ئەگەر هاتوو لەماڵەکەی خۆیشیدا بێت، مادام نیەتی سەفەری هێناوە و دەچێت بۆ سەفەر، لەم بارەیەشەوە لە حارثی کوڕی ئەبو ڕەبیعەوە ڕیوایەت کراوە جارێکیان نیەتی سەفەری هێناو و وویستی سەفەر بکات هەر لەماڵەکەی خۆی نوێژی بە دوو ڕکاتی بۆ کردن، لەنیو ئەو کەسانەشدا کە نوێژی بۆ کردن ئەسوەدی کوڕی یەزیدی و هەندێکی تر لە هاوەڵانی عەبدوڵای کوڕی مەسعودی تێدا بوو، قورطبیش ووتویەتی : هەر یەك لە عەطای کوڕی ئەبی ڕەباح و سولەیمانی کوڕی موساش ئەم ڕایەیان هەیە ..

هەندێکی تر لەم بارەیەوە پێیان وایە: کەسی موسافیر دەتوانێت نوێژەکانی کورت بکاتەوە ئەگەر هاتوو ماڵەکەی خۆی بەجێهێشت، ئەگەر چی شار یان گوندەکەشی تێپەڕ نەکرد بێت ...

بەڵام رای پەسەندتر و دروستر ڕای جمهوری زانایانە کە دەڵێت : نابێت موسافیر نوێژەکانی کورت بکاتەوە تا ئەو کاتەی کە سنوری خانووی شار یان گوندەکەی تێدەپەڕێنێت، چونکە ئەگەر ئەو سوورەی تێ نەپەڕاند ئەگەری هەیە پەشیمان بێتەوە لەسەفەرەکەی، بۆیە ڕاستر وایە موسافیر بەو کەسە دەوترێت کە خۆی یەکلای کردبێتەوە، بەشێوەیەك سنوری شار و گوندەکەی بەجێهێشت بێت .

خوای گەورەش زاناترە ..